حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

Kurdistan Regional Government
Ministry of Education
G.D. of Curriculum & Printings

پەروەردەی ئیسلامی
بۆ پۆلی
سێیەمی بنەڕەتی

دانـــــــانی

فاروق محمد علي عباس

واحد حەمە صالح

ئازاد عمر سيد احمد

وەرگێڕانـــی

صادق عثمان عـــــــارف

پێداچونەوەی زانستی

د.بشير خليل توفيق

ابو بكر علي كاروانی

چاپی یەکەم

١٤٣٦ کۆچی - ٢٧١٥ کوردی-٢٠١٥ زاینی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: فاروق محمد علي عباس

سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پیرداود ــ خالد سلیم محمود

نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ و ئامادەکردنی وێنەکان: عادل زرار أمین

تایپێست: سەردار مصطفی محمد

جێبەجێکردنی بژاری هونەری: یوسف احمد اسماعیل

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

سوپاس بۆخوای خاوەن هەمووشتێک، وەدرودو سڵاولەسەر گەورەی نێردراوان، محمد وەلەسەر کەسو کارویاوەرەباشەکانی و ئەوانەی دوای کەوتن تارۆژی ئاین وپاشان .

وەزارەتی پەروەردەی رێزدار لەهەرێمی کوردستانی عیراق دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ خزمەتکردنی رۆلەکانی لەنەوەسەربەرزەکان بەداوالێکردنمان بۆ دانانی پەرتوکی پەروەردەی ئیسلامی بۆقۆناغی بنەڕەت. لێژنەکە بینی کەپرۆگرامەکە کۆمەڵێک دەقی قورئانی و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) و هەندێک شوێنی باوەڕ و پەرستنی تیابێت وئەم بابەتانەمان پێشکەش کرد کەبەگوێرەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو (د.خ) لەراڤەی فەرموودەو دەقەکاندا رەچاوی رونی و بەدیارخستنی شوێنەکانی مەزنیمان کردوە و بەستنەوەی ئەم رێنماییە بەرزانە بەژیانی راستەقینەی رۆژانەمان.

ئەمە هەندێک ئەرکمانە بەرانبەر نەوەکانمان. بەڵام مامۆستا بەرێزەکان ئەوان ئەرکی خۆیان باشتر دەزانن ولەسەر شوێنی بەرپرسیارەتیان داکۆکی زیاتر دەکەن . وەئەوان بروایان بەوەیەکە دەیڵێنەوە، بەشێوەیەکی بابەتی و زانستیانە دوور لەدەرچون بۆبابەتی ترو زێدەرۆیی وپشت ئەبەستێت بە رێگەی گفتوگۆ و وتووێژو چالاکی ئاسانی گونجاو لەگەڵ ژیانی قوتابیانی هزری و دەرونی و شوێنەوارییەوە .

هەروەهاپێویستە توندی بەکار نەهێنیت بەهەمووجۆرەکانیەوە بەرامبەر قوتابیان لەبەرئەوەی قوتابی لەم قۆناغەدا بوونەوەرێکی هەست ناسکە، وەئامانجمان ئەوەیە کە یەکەکانی ئەم پەرتوکە تێبگات بەشێوەیەکی باش و هەست بەبوونی و فێرکردن و گفتوگۆی دروستکەربکات، وەوتووێژبە رەوانی و ببێتە ئەندامێکی کاراو بەسوود بۆخۆی و نیشتومانی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی .

سوپاسی هەرتێبینیەکی بەنرخ یابیرۆکەی دروستکەر دەکەین کەلەپسپۆروخاوەن پەیوەندیەکان بەدەستمان دەگات تاسوودی لێوەرگرین لەچاپەکانی داهاتووی ئەم پرۆگرامەدا .

لەگەڵ ئاواتمان بەسەرکەوتنی هەموولایەک.

لێژنەی دانان

وەرزی یەکەم

وانەی یەکەم

لەناوە پیرۆزەکانی خوا

الخالق / ئافەریدەی بەدیهێنەری گشت بوونەوەریان لەنەبوونەوە .

الأوّل / ئەوکەسەی هیچ شتێک پێش لەونەبوە .

الآخِر / ئەو زاتەی هەرخۆی دەمێنێتەوە و هیچ شتێک ناکەوێتەدوای ئەو.

الكريم / بەخشەرو خاوەن بەخشین بەبەردەوامی.

المؤمن / ئەوە بەندەکانی لە ترسان دڵنیا دەکات



گرنگی کارکردن

ئیسلام ئاینی کارکردن و کۆشش کردن وهەوڵدانە. داوا لەموسڵمانان دەکات ئیش بکەن و سەربەرزانە بژین هەروەها دژی تەمبەڵی و کات بەفیڕۆ دانە هەروەک خوای گەورە فەرمویەتی: (وقل اعملوا فسيرى الله عملكم..) (١).

خێزانی سامان لەگوندێکی کوردستانی ئازیزدا دەژین . باوکی کەجوتیارە، بەیانیان زوو، چالاکانە دەچێتە نێوکێڵگەکەی . بەهیوای بەدەست هێنان و زیادکردنی بەروبووم .

دایکیشی بەسەرپەرشتی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ماڵاتەوە خۆخەریک دەکات .

سامان هاوکاری دایەو بابە دەکات، هاوکات ڕۆژانە دەچێتەقوتابخانە، تائایندەیەکی گەش بۆخۆی ونەتەوەکەی دەستەبەربکات .

هەرکارێک سوودی گشتی تیابێت خوای گەورەش بەرز دەینرخێنێت و پیرۆزی دەکات، وەک لەئایەتە پیرۆزەکەی سەرەوەدا هاتووە . هەرکەسێکیش پاداشتی کاری وەردەگرێت و ڕەنجی بێبەرنابێت، چونکە خوای میهرەبان خۆی بینەرو بەئاگایە لەهەمووکۆششێک، کەدەفەرموێت:

{وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى (٣٩) وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى (٤٠)} (٢).

ژنێک ئاژەڵ دەدۆشێت.

قوتابیان لەپۆلدا.

جوتیارێک لەکێڵگەدا.

---

(١) سورة التوبة-١٠٥
(٢) سورة النجم- ٣٩-٤٠

گفتوگۆ :

١- بۆچی خێزانی سامان ئاژەڵ بەخێودەکەن ؟

٢- باوکی سامان چ کارێک دەکات ؟

٣- بۆچی خوا داوا لە باوەڕداران دەکات کەکاربکەن وبۆ ئەوە هانیاندەدات؟

٤- (ئیشی قوتابیان لەئێستاوە کۆشش کردن و یارمەتی دانی دایک و باوکە)لەسەر ئەم دەستە واژە بدوێ .

چالاکی :ـ

سامان هاوکاری هاوڕێیانی دەکات لەپاکژکردنەوی پۆلەکەیاندا .

بینووسەوە :

وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون.

....

نزا

((خوایە من پەنا بە تۆ دەگرم لە دەستەوەستانی و تەمبەڵی)) .

وانەی سێیەم

سورەتی (العصر)

ئازادلەنەوزادی هاوڕێی پرسی : رۆژانە چۆن کات بەسەردەبەیت ؟

نەوزاد : بەیاریی تۆپی پێ.

ئازاد : ئەی کاتەکانت رێک نەخستوە؟

نەوزاد : نەخێر ئێرمنیش کاتەکانم وەک تۆ رێک دەخەم .

ئازاد : هاوڕێی خۆشەویستم، بزانە کات نرخێکی گەورەی هەیە لەبەر ئەوە لەسەرمان پێویستە بەرزرایگرین و دابەشیکەین بۆچەندکارێکی سود بەخش وەک نوێژکردن، حەسانەوە، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە، یاری، سەردانی هەڤاڵان، خوێندنەوەی هەندێک چیرۆک، فێربونی قورئان و سەردانی خزمان . هەرلەبەرگرنگی کات خوای گەورە سوێندی پێدەخوات :

بسم الله الرحمن الرحيم

{ وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣) } .

سوێندی بەکاتی العصر، یان، زەمان و سەردەم خواردوە چونکە لەبەڵگەو ئایەتەکانی خۆیەتی. خوای گەورە لەم سورەتە دا فێرمان دەکات کەئەگەر مرۆڤ باوەڕدارنەبێ و کاری چاکە نەکات وشتی ڕاستی خۆشنەوێ و لەکاتی پێویستدا ئارام نەگرێت ئەوا لای خوا و لەژیاندا سەرکەوتوو نابێت .

گفتوگۆ:

١- دەتوانیت هەندێک کردەوەی چاکە بڵێی ؟

٢- قوتابی پێشەنگ، دەبێت چۆن بێت ؟

٣- بۆئەوەی مرۆڤ لەروانگەی خوای گەورەوە سەرکەوتووبێت دەبێ چی بکات ؟

سوود :

خوای گەورە هانمان دەدات سوود لەکاتەکانمان ببینین، چونکە قەرەبوناکرێتەوە و زیان دەکەین .

یاریگا .

سەردانی هاوڕێیان.

قوتابی لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی.

دەست هەڵگرتن لە ئازاردان

پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی (موسڵمان ئەوکەسەیە موسڵمانانی دیکە بەزمان و دەستی ئەو زیانیان پێنەگات) ڕێژوان قوتابیەکی چالاک و زیرەکی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی یە و هاوڕێکانی خۆشیان دەوێت، ڕۆژێک لەرێی قوتابخانەدا پیاوێکی بە ساڵاچووی بینی دەیویست بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەری شەقامێک بۆیە ڕێژوان دەستی گرت و پێی وت:

مامە گیان با یارمەتی پەڕینەوەت بدەم پیاوەکەش سوپاسی ڕێژوانی کرد پاشان ڕێژوان بە مەبەستی کڕینی ئاوێکی کانزایی چوە فرۆشگایەک وە دوای کڕینی ئاوەکە بەراست و چەپی خۆیدا چاوی گێڕا تاسەبەتەیەکی خاشاکی بەدیکردو (دەفرە)(١) بۆشەکەی خستەناوی . وەبینی کەسێکی تر دەفرێکی پلاستیکی بۆشی فرێدایە ناوەندی ڕێگا وئەویش هەڵیگرتەوەو فرێیدایە ناو سەبەتەکەی خاشاک .لەوساتەدا ڕێکانی هاوڕێی بەوێدا تێپەڕی و پێی گوت: ڕێژوان بۆئەوەندە چاوت دەگێڕا بۆدۆزینەوەی سەبەتەی خاشاک، (دەفرەکە)ت لەرۆخی شەقامەکە فرێدایە دواتر کارمەندانی پاکژی دوریان دەخستەوە.

ڕێژوان ئەم قسەیەی لاپەسەندنەبوو، بۆیە وتی : بەڵام من دەمەوێت هاوبەشبم لەشکۆمەندی جوانکاری شارەکەمدا و لەئەرکی کارمەندانی پاکژی کەم بکەمەوە. ئایا تۆ ئەو وانەیەت لەبیر کردوە هەفتەی رابردو مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی بۆی راڤەکردین کە پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی ((موسڵمان ئەوکەسەیە موسڵمانان لەزیانی زمان و دەستی پارێزراوبن)).

منیش دەمەوێت ئەو پێناسەیە بمگرێتەوە.

چالاکی بەزارو کردار :

١- نمونەیەک بێنەرەوە لەسەر پارێزراوی کەسانی دیکە لەزمانت.

٢-بەنمایشێکی شانۆیی، بەکردەیی بیسەلمێنە، کەسانی دیکە چۆن پارێزراون لە زیان، بەزمان یان دەستی تۆ.

١-دەفر: لەواتای وشەی ((القنینە الفارغە)) داهاتوە .

وازهێنان لە دەست وەردان لەکاروباری خەڵک

پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی ((لەنیشانە چاکەکانی مرۆڤی موسڵمان دەست وەرنەدانە لەکارێک پەیوەندی بەوەوە نەبێت)).

دەگێڕنەوە سێ کەس بۆ چارەسەری کێشە یەکی پەیوەست بەدروستکردنی خانویەک کۆبوونەوە. پیاوێکی تر بێ ئەوەی مۆڵەتیان لێوەرگرێت هاتە نێوانیان و پاش کەمێک، بەدەنگی بەرز وتی : من بەباشی دەزانم ئەندازەیەک لەوپارچە زەویەی نزیکتان بخەنەسەر زەویەکەی خۆتان و فراوانی بکەن.ئەوانیش پێیان وت : خاوەندارێتی ئەو ئەوپارچەزەویە بۆکەسێکی تر دەگەڕێتەوە ئێمەئەو مافەمان نیەکاری وابکەین .

یەکێکیان کەناوی (دڵشاد)بوو فەرمودەکەی سەرەوەی پێغەمبەری بەبەڵگە هێنایەوە

پاشان رویکردە فەرهادو وتی : بینیت چۆن ئەوپیاوە بێ ئەوەی پەیوەندی بەکارەکەمانەوەهەبێت و مۆڵەت وەرگرێت هەڵیدایەو قسەی کرد ؟

فەرهاد : بێگومان ئەوە کەسێکی نەزان و زیادە رۆ بوو.

دڵشاد : دیارە ئەو نەیدەزانی کەباشتر وایە موسڵمان ئاکاری جوان بکاتە کاڵاو سیمای خۆی چونکە ئاینەکەمان خۆی پوخت و جوانە و ئاکاری جوانیشی لەهەڵگرانی دەوێت کە یەکێک لەوانە (وازهێنانە لەکارێک پەیوەندی پێتەوەنەبێت) .

فەرهاد : باشە گەر کەسێک ئارەزووی قسەکردنی لەکارێکدا هەبوو بەڵام رێی پێنەدرا یان داوای لێنەکرابوو ئەوکات هەڵوێستی چی دەبێت ؟

دڵشاد : گەرهەڵوێستەکە بێ دەنگی خواست، دەبێ بێدەنگ بێت . چونکە ئەوانەی دەست وەرنادەنە کاری کەسانی دیکەوە رێزدارو خۆشەویستن. کەواتە لەسەر مرۆڤەکە خۆی بناسێت و رێزی خۆی بگرێت و لەکاروباری ئەوانی ترا قسەنەکات بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لێیان لەبەرئەوەی هەست بەشەرمەزاری دەکات . بازمانی بگرێت، هەر زمان دەبێتە هۆی تیاچوونی خاوەنەکەی گەرسنوری بەزاند وەک وتراوە (کوشتنی مرۆڤ لە نێوان دووشەویلاکیەتی).

راهێنان:

١- وەڵامی ڕاست لەنێو کەوانەکاندا هەڵبژێرە :

ا – ئەگەر هاوڕێکەت چەند نهێنیەکی خۆی هەبوو (پرسیاری لەبارەوە بکە ـــ کارت بەسەریەوە نەبێت) .

ب- ئەگەر دووکەس بەچرپە قسەیان دەکرد (لێیان نزیک ببەوە ـــ لێیان دووربکەوە).

ج- گەرکەسێک بەسەردان چوەماڵی دراوسێکەت (لێ ی دەپرسی ناوت چیە وبۆچی دەچی ـ هیچ پرسیار لە خۆتەوەناکەیت) .

٢- چالاکی : کەسێک لەشوفێری ئۆتۆمبیلێکی وەستاو دەپرسێت : بۆچی وەستاوە ؟ ئایەبەلاتەوە ڕاستە، بۆچی ؟

دانایی پێغەمبەر (د.خ)

احمد قوتابیەکی ژیرو زیرەک بوو، بیری لەناخ و نهێنی کارەکان دەکردەوە، دەیویست بەتەواوی لەڕووداوەکان بگات . جارێک گوێی لێبوو وتاربێژێک باسی دروستکردنی (الكعبە)دەکات لەمەککەی پیرۆز، بۆیە دواتر لەزانایەکی ئاینی پرسی : مامۆستای بەڕێز، بۆچی قورەیشیەکان سەر لەنوێ کەعبەیان دروستکردەوە ؟

زاناکە گوتی: چونکە، کەعبەی پیرۆز دیوارەکانی لە داڕوخانو لەتبووندا بوو، سەریشی نەگیرابوو، بۆیە ناچار بوون نۆژەنی بکەنەوە .

احمد : ئەی چۆن کارەکانیان دەست پێکرد، هۆکاری جیاوازی کانی لەبۆچوونەکاندا چی بوو ؟

مامۆستا : هەموان بەشداربوون لەکارکردن تیایدا، تا دیوارەکە گەیشتە جێی دانانی بەردە رەشەکە، لەوێدا کێشە رویدا بەهۆی ناکۆکییان لەسەرئەوەی شەرەفمەندی دانانی بەردەکە بۆکێ بێت . تاکار گەیشتە ئاستی پێکدادان .

احمد: ئەی لەسەرچی رێکەوتن و پێکدادان روینەدا ؟

مامۆستا : پێکهاتن لەسەر ئەوەی، چاوەڕێ بکەن ئەوکەسەی دێتەژورێ لەدەروازەی ماڵی خواوە بکرێتە دادوەر و بڕیاری جێبەجێ بکەن . بەویستی خوا ئەوکەسە (محمد الأمين) بوو. هەموان رازی بوون و بەیەک دەنگ وتیان، و(الامين) هات . بەبڕیاری رازین .

احمد : باشە، ئەی چۆن کێشەکەی چارەسەرکرد ؟

مامۆستا:کە محمد (د.خ) تێگەیشت کێشەکە لەسەر چییە عەباکەی سەرشانی راخست هەرسەرۆک هۆزێکی ناکۆک لەگۆشەیەکەوە بەرزی کەنەوە تا پێکەوە گەیاندیانە جێی مەبەست و بەدەستی پیرۆزی لەوجێیەدا لە دیوارەکە دایناو بەو شێوەیە ئەو ئاگرەی کوژاندەوە و کۆتایی بەکێشەکەهات .

١- چەندپرسیارێک:

ا- کەعبەی پیرۆز لەچ شارێکدایە ؟

ب- هۆی چی بوو قورەیشیەکان سەرلەنوێ کەعبەیان بیناکردەوە .

ج- لەدروستکردنەوەی دیواری کەعبەدا، کاتی دانانەوەی بەردەرەشەکە کێشەیەک سەری

هەڵدا، لەسەرچی بوو ؟

د- ئایا گەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێک ؟ چۆن بوو ؟

٢- زانیاریم پتر دەکەم:(الكعبة) واتە ماڵی خوا، دەکەوێتە مەککەی ڕێزدار، ڕووگەی نوێژە بۆموسڵمانان.

٣-خۆم تاقیدەکەمەوە:

ا- ئەگەر ناکۆکیەک لەخێزانەکەمدا یا نێوان هاوڕێیانم سەری هەڵدا، هەوڵ دەدەم هۆکارەکەی بزانم .

ب- پاشان بەڕێگەی لەیەک گەیشتن ولێک نزیکبوونەوە دەگەڕێم بۆچارەسەر .

ج- دەخوازم لایەنەکانی کێشەکە پێکەوە کۆبنەوە و بەئارامی و هێواشی چارەی بکەن .

چالاکی :

بامامۆستا (لێژنەیەکی) سێ کەسی

پێک بێنێ بۆ چارەســــــــەری

هەر کێشەیەک هەستی پێدەکەن

و سەرهەڵدەدات .

وانەی حەوتەم

هاوڕێیەتی پڕسۆزو میهرەبانی

ڕۆژێک جێنشینی دووەم (عمر کوڕی الخطاب). لەگەڵ منداڵەکانی یاری دەکردو دەیلاواندن، ئەوانیش خۆشحاڵ و شاد ببون . لەوکاتەدا کەسێک هاتەلای عومەر و منداڵەکان شوێنەکەیان بەجێهێشت لەبەر میوانەکە . ئەوپیاوە یەکێک بوو لەسەرکارەکانی جێنشین بۆناوچەیەک، هاتبو فەرمان وەرگرێت و بڕوات بۆ سەرکاری خۆی . کەئەو دیمەنەی بینی سەری سوڕما و لەجێنشینی پرسی : ئایا چۆن بەڕێزت (گەورەی موسڵمانان)یاری لەگەڵ منداڵان دەکەی ؟

عمر لێی پرسی : ئەی تۆ چۆن لەگەڵ منداڵەکانت رەفتار دەکەیت ؟

گوتی : قوربان تائێستا هیچ کام لەمنداڵەکانم ماچ نەکردووە! لێرەدا (عمر)ی پێشەوای موسڵمانان هەڵوێستەیەکی کرد، وتی : تۆ کە لەگەڵ منداڵی خۆت ئەوەندە توندو تیژبیت، بەکەڵکی بەرپرسی کەسانی تر نایەیت، لەسەرکارەکەی لایبرد وکەسێکی تری راسپارد لەجیاتی ئەو .

چالاکی :

١- نێوان دەستەواژەی ستوونی دەستەڕاست دەگەیەنم بەوەی لەگەڵی دەگونجێت لەستوونی دەستەچەپا:

موسڵمان هاوڕێکارێکی نەرم ونیانە . کردارەکان جوان دەکا .

هاوڕێیەتی پڕسۆزومیهرەبانی بۆمناڵان.

٢- وشەی (بەڵێ) لەبەردەم وشە یا دەستەواژەی راست دادەنێم، وە وشەی (نەخێر) لەبەردەم وشە یا دەستەواژەی ناڕاست لە وانەی خوارەوە دادەنێم :

ئیسلام داوای لەشوێن کەوتووانی کردووە کە هاوڕێیەتی مناڵان پڕسۆزو میهرەبانی بکەن،

لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی پڕسۆزو میهرەبانی :

- فەرمانی پێکراوە . (   )

- فەرمانی پێنەکراوە . (   )

٣- وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدەمەوە :

ا- بۆدایباب هاوڕێیەتی منداڵانیان پڕسۆزومیهرەبانی دەکەن ؟

ب- هاوڕێیەتی پڕسۆزو میهرەبانی ئەبێت چۆن بێت ؟

ج- بۆدایباب لەرووی منداڵانیان بزەیان لەسەر لێوە ؟

٤- بۆشاییەکە بەوشەی گونجاو پڕبکەرەوە:

..... بۆمنداڵانم کاتێ قسە دەکەن لەگەڵما قسەدەکەم، رێگەدەدەم، گوێ رادەگرم.

سروود

((بێداری))

الله أكبر دەمـــــەوبەیـــــانە
سەرەتای رۆژو چالاکی ژیانە

+ + + +

پێش لەتۆ هەستان   لەخەو بولبولان
واگەشانەوە   گشت خونچەو گوڵان

+ + + +

بەجیکە جیکیان جوجەڵەو مەلان
لەگەڵ تۆ دەڵێن سوپاس خوداگیان

+ + + +

وابەیانیە هەستەو بێداربە
کاتی نوێژواهات   تۆش دەست بەکاربە

+ + + +

هۆنراوەی   م/ صادق عثمان عارف

وەرزی دووەم

وانەی یەکەم

سورەتی (القدر)

ئایدن : داوای لەباپیری کرد، سەبارەت مانگی پیرۆزی (رمەزان) زانیاری بداتێ .

ئەویش گوتی : کوڕی شیرینم، ئەومانگە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەنێو مانگەکانی ساڵدا، چونکە قورئانی پیرۆزی تێدا دابەزی بۆ سەر دڵی پێغەمبەری خۆشەویستمان محمد (د.خ) . بەمانگی قورئان ناسراوە، مانگی (خێرو بەلا گێڕی و گوێڕایەڵی و پەرستنە . و خوای گەورە بەرۆژوبونی ئەم مانگەی لەسەر موسڵمانان پێویست کرد).

ئایدن: ئایا گەورەییەکی تر بۆئەم مانگەهەیە ؟

باپیرە: بەڵێ،لەم مانگەدا شەوێکی پیرۆزی تێدا هەیەو ئەویش شەوی (القدر)ە لە دە کۆتاییەکەی رمەزان.

وەک خودا دەفەرموێت :

بسم الله الرحمن الرحیم

{إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ (١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ (٢) لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ (٣) تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ (٤) سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ (٥)} .

واتا :ئێمە قورئانمان ناردە خوارەوە لەشەوی القدر . تۆ چوزانیت شەوی القدر چیە .شەوی القدر خێرترە لە ١٠٠٠ مانگ واتە ٨٣ ساڵ و٤مانگ.

گفتوگۆ :

١- تایبەتمەندی مانگی رمەزان لەچیدایە ؟

٢- شەوی القدر چۆن بەسەردەبیت لەگەڵ خێزانەکەتدا ؟

٣- رۆژو بەڵگەیە لەسەر چ شتێک ؟

٤- گرنگی شەوی القدر لەچیدایە؟

٥- شەوی (القدر)چی یە؟

نزا ..

خوایە .... رۆژو و نوێژەکانمان لێ وەرگرە .

سوود :

خوای گەورە پاداشتی ئەو چاکەکارانە دەداتەوە کەهاوکاری هەژاران دەکەن .

وانەی دووەم

سورەتی الکوثر

بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژی هەینی ـ وەک هەمیشە ــ سالار لەگەڵ باوکی ڕۆیشت بۆمزگەوتە نزیکەکەی ماڵیان، مامۆستای پێشنوێژ لەرکاتێکی نوێژەکە دا سورەتی (الکوثر)ی لەدوای سورەتی (الفاتحة)، دەخوێند . دوای گەڕانەوەیان بۆماڵەوە . سالار داوای لەباوکی (کەمامۆستایە)کرد کەواتای سورەتی (الکوثر)ی بۆراڤەبکات.

جا باوکەکە وتی : کاتێ نێرینەکانی پیاوێک ئەمردن قورەیش ئەیانوت فلان بێ کوڕ کەوتبوو. جاکاتێ (ابراهیم)ی کوڕی پێغەمبەر(د.خ) مرد هاوبەشکاران هەندێکیان چونەلای هەندێکی تریان وتیان محمد بێ کوڕ کەوت، خوای گەورەش سورەتی (الکوثر)ی دابەزاند .

بسم الله الرحمن الرحيم

{ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (٣) }.

واتا ئێمەئاوی (الکوثر)مان دایە تۆ وەتۆش نوێژ بۆ خوات بکە و قوربانی بکەو بێگومان دوژمنت بێ کوڕ و وەچەیە پاشان وتی : خوای میهرەبان خێری زۆری لەزانست و شکۆیی لەهەردوو جیهاندا بەخشیە پێغەمبەرەکەی و وەچەشی تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت ونابڕێتەوە .

سالار گوتی : بابەگیان،سوپاست دەکەم لەسەر ئەم زانیاریە پڕماناو بەهایانە .

گفتوگۆ :

- لەتەنگانەو قەیرانەکاندا پەنا بۆکێ دەبەین ؟
- لەشەو و ڕۆژێکدا چەند جار نوێژ دەکەین ؟
- جگە لە (خوا) خوایەکی تر هەیە شایستەی پەرستن بێت ؟

سوود :

لەسەرمان پێویستە کاری چاکە ئەنجام بدەین و بانگهێشتیشی بۆبکەین، هەروەها دووربین لەگشت کارێکی ناپەسەندو تێکدەرانە . مرۆڤی باوەڕدار نابێ گوێ لەقسەی خراپی هەندێ کەس بگرێت و خراپە و خراپەکارانیش سەرەنجام بەشیان تیاچوونە .

نزا

پەروەردگار درود و سۆزت بەسەر محمد و کەسوکارو یار و یاوەرە بەرێزەکانیدا برێژە .

وانەی سێیەم

گوێڕایەڵی خوا لەگوێڕایەڵی دایک و باوکدایە

لە شاری سلێمانیدا خێزانێکی چوار کەسیی بەختەوەر هەبوو، بەیانیان باوکیان زوو لەخەو هەڵدەستاو هەندێک زیکری دەوت، یەکێک لەوانە (بەناوی خوایەک کەهیچ شتێک لەپەنای ناوی ئەودا زیانی پێناگات، نەلەزەویدا نەلەئاسمان، هەرئەویش بیسەرو زاناو بەئاگایە لەهەمووشتێک). بە دوای هەستانی بابە و دایە دا کوڕەکەی لە خەو را دەبوو، پاش سڵاو کردن ، دەست و دەم و چاو شوشتن و پێکەوە لەسەر خوانی نانی بەیانی کۆ بونەوە دایکیان بەدڵخۆشییەوە تەمەنی درێژ و پڕ خێرت بۆدەخوازم .

باوکیان کەچاوی بڕیبووە کوڕەکەی چۆن بەدەستی ڕاست خواردنی هەڵدەگرت و دەیوت (بسم الله)، زۆر شاد بوو، وتی : کوڕم وامن دەڕۆم بۆفەرمانگە بۆسەرکار، تۆش دەچیت بۆ فرۆشگە؟ بەڵێ بابەگیان . تانزیکی نیوەڕۆ لەوێ دەبم، پاشان خۆم ئامادە دەکەم و دوای نیوەڕۆ دەچم بۆقوتابخانە . باوکی سوپاس و ئافەرینی لێکرد .

کچەکەیان مۆڵەتی لێوەرگرتن تابچێت بۆ قوتابخانە،دایکی گوتی : باشە کچم تۆش برۆ بۆکاری خۆت و بەخوات دەسپێرم .

کاتی چونە قوتابخانەی کوڕەکەیان نزیک بوەوە و دەرکی فرۆشگەی بەست و گەڕایەوە ماڵێ تاژەمی نیوەڕۆ بخوات و خۆی ئامادەبکات بۆچوونە قوتابخانە وانەی یەکەم، پەروەردەی ئیسلامیان هەبوو، بابەتەکەش ((گوێڕایەڵی خوا لەگوێڕایەڵی دایک و باوکدایە))بوو .

مامۆستا دەستی کرد بەراڤەکردنی بابەتەکەو وتی : ڕۆڵەکانم، گوێڕایەڵی، واتە : گوێگرتن بۆئەوشتەی داوامان لێ ئەکرێت یالێمان قەدەغەدەکرێت یاهەستان پێ ی یانەکردنی بەرەزامەندی خۆمان .

پاش ئەوەی زانیتان پێگەی دایک و باوک چەند بەرزە لای خوا / ئەی رۆلەکانم / باڵی میهرەبانیان بۆرابکێشن، تەمەنیشیان بەرەو پێشتربچێت پێویستە ملکەچترین بۆیان وەک خوای بەسۆز دەفەرموێت (واخفض لهما جناح الذل من الرحمة) .

توانا، بڕیاری دا کەگەڕایەوە ماڵەوە دەقی ئامۆژگاریەکانی مامۆستا بۆ دایک و باوکی بگێڕێتەوە

رامێنان:

١- چەند پرسیارێک لەسەردەقەکە:

أ-ئەندامانی خێزانەکەت کێن ؟ ناونوسیان بکە لەم بۆشاییانەی خوارەوە دا:

باوک ______ دایک ______ برا______ خوشک ______ .

ب- کێ بوو هاوکاری باوکەکەی دەکرد ؟ لەچ بوارێکدا بوو؟

٢- ئەو لاکێشانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

أ- کوڕم، ئایاتۆش دەچیت بۆ .... ؟

ب-کچەکە گوتی دایە، وامنیش دەچم بۆ.................. .

ج- وانەی یەکەم پەروەردەی ئیسلامی بوو، بابەتەکەشی ....

٣- راڤەی ئەم وشانەی خوارەوە بکە:

أ- الا نقیاد ب- اللین ج- الخضوع .

٤- خۆم رادێنم کە :

أ- گەر دایکم بانگم بکات، وەڵامی بەم شێوەیە دەدەمەوە :

بەڵێ دایەگیان بفەرموچیت دەوێ .

ب- ئەگەر باوکیشم تینوبوو، بێ دواکەوتن، بەرێزەوە ئاوی پێشکەش دەکەم .

ج- هەروەها ئەگەر باوکم داوای کرد لەهەندێ کاتدا لەماڵ نەچمەدەرێ، گوێڕایەڵی دەکەم و سەرپێچی ناکەم .

دڵسۆزی لەبەجێهێنانی ئەرکدا

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت : (خوای گەورە خۆشی لەوە دێت هەرکارێکتان ئەنجامدا پوخت وتەواو بێت).

ڕۆژێک (ڕەوەز) بە هاوڕێکەی کەناوی (ڕامان)ەگەیشت، خەمبارودڵتەنگ وتەنیابوو، سەبارەت بەو ڕەوشە لێی پرسی : ئێمە قوتابین و ئێستا کارەکەمان ئەوەیە دەبێت کۆشش بکەین ڕامان، بۆئەتبینم دڵتەنگی؟ئەویش لەوەڵامدا وتی :ئەی نەتزانیوەلەزۆرینەی وانەکاندا دەرنەچوم. ڕەوەز لەگەڵ ئەوەی دڵی هاوڕێکەی دایەوە و داوای لێکرد کۆڵنەدات، بۆی ڕوونکردەوە کەسەرکەوتن لەخوێندندا بەندە بەرێکخستنی کات و هەل بەفیرۆنەدان پتر لەزیرەکی کەسەکە. بۆیە ڕامان دوای سوپاسکردنی، بەپەرۆشەوە پێ ی ووت : هەرچەندە کۆشش دەکەم بەڵام دەرناچم .

ڕەوەز گوتی : هاوڕێی خۆشەویستم، ئەوە بەجوانی کۆشش ناکەی و بەچڕی ناخوێنی و هەر بە ناوکۆشش دەکەی پێویستە هەریەکەمان ڕۆژانە کاتەکانمان ڕێکخەین بەوانەکاندا بچینەوە و خۆ ئامادەبکەین بۆ ڕۆژی داهاتوو تالە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوبین و ئەنجامی باش بەدەست بێنین . گەر بەم شێوەیە ئەرکەکانمان بەجێهێنا واتە پشتگوێمان نەخستوە و ئەمەشە واتای ڕێز لەکات گرتن، جێبەجێکردنی فەرموودەکەی سەرەوەی پێغەمبەرمان (محمد)ە (د.خ). وەفەرامۆش کردنی کار و جوان ئەنجام نەدانی ناپاکیەو خوای گەورە دەمانبینێ و ئاگای لێیە چی دەکەین و چی ناکەین .

چالاکی :

١ - چالاکیەکی کردەیی سەبارەت (ئەرک بەجێهێنان) ئەنجام بدەو بەفەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بەڵگەی بۆ بهێنەرەوە*

٢ - چالاکیەکی تر بەزارت، ئاماژە پێ بکە، سەبارەت (ڕێز گرتن لەکات).

*بەڵگە هێنانەوە بەفەرموودە بەهاوکاری مامۆستا دەبێت.

وانەی پێنجەم

دراوسێیەتی باش

رەوەند بەباوکی گوت :

بابەگیان : ئەمڕۆ مامۆستاکەمان سەبارەت دراوسێیەتی و ئەرکی مرۆڤ بەرامبەر هاوسێکەی بەگوێرەی ئاینی ئیسلام و بوارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی نێوان دراوسێکان باسی بۆدەکردین، ئاماژەی دەکرد بۆ پیرۆزی مافەکانی نێوانیان و چۆن مرۆڤ ناتوانێ تەنها بژی و پێویستی بەکەسانی دەوروبەریەتی تاژیانێکی شارستانی و کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو دەستەبەربکات . وەگرنگی دراوسێیەتی و پەیوەندی باشی نێوان دراوسێکانی باسکرد بۆمان لەبەرئەوەی ئەوان وەک کەس و کارن بۆ یەکتر. لەبەرئەوە لەسەرموسڵمانە کەڕێزی دراوسێکەی بگرێت و دەست لەئازاردانیان هەڵگرێت و کاتی پێویست یارمەتیان بدات . تەنانەت ئاینی پیرۆزمان ئەو پەیوەندییەی بەپایەیەکی گرنگی باوەڕ هەژمارکردوە، وەک پێغەمبەرمان محمد (د.خ) لەو رووەوە فەرمویەتی :

((من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلْيكرمْ جاره)). یان ((من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يؤذ جاره)). واتە ((ئەوکەسەی باوەڕی بەخواو رۆژی دوایی هەیە بارێز لەدراوسێی بگرێت)) یان ((با ئازاری دراوسێ ی نەدات)) .وەلەم بارەیەوە چەند فەرموودەیەکی باسکرد بۆمان لەوانە ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەری مەزن کە تیایا دەفەرموێت:

(من كان يؤمن..)وەلەم فەرمودە پێغەمبەر (د.خ) **شتێکی زۆر گرنگی** باسکردوە کە باوەڕە بەڕێزگرتنی دراوسێ و رەچاوکردنی مافەکانی بەسەرتەوە لەوەش زیاتر بەڵکو سەرەوەمان دەفەرموێت: ((مازال جبريل يوصيني بالجار حتى ظننت أنه سيورّثه)).

واتە ((جوبریل سەبارەت بە دراوسێ ئەوەندە سپاردەی دەکردم هەتا وا مدەزانی کەمیراتم لێ دەگرێت)) جا پێغەمبەر (د.خ) وایزانی (کەموسڵمان مافی لە میراتی دراوسێی هەیە)وەئەمەواتای شوێنی بەرزی دراوسێ و مافەکانیەتی لەئیسلامدایە .

گفتوگۆ :

بەدوو نمونە باسی مافی دراوسێ لەسەریەکتر بکە، بەفەرموودەش بەڵگەی بۆ بێنەرەوە .

وانەی شەشەم

هاوڕێیەتی

پێغەمبەری ئازیز محمد (د.خ) دەفەرموێت:

(المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل).

واتە : (مرۆڤ لەسەر ڕەوشتی هاوڕێکەیەتی واتا ڕەوشت و ڕەفتاری هاوڕێیەکەی جا هەر یەکێکتان بابڕوانێت هاوڕییەتی کێ دەکات).

فەرهاد کەقوتابیەکی قۆناغی بنەڕەتی بوو، لەباوکی پرسی: بابەگیان واتای هاورییەتی چیەو چۆن دەبێت؟

باوکی : هەڵبژاردنی کەسێک بۆ پەیوەندی و قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵیا و یارمەتیدانی لەکاتی پێویست و ئامۆژگاریکردنی بۆدوورکەوتنەوە لەلادان و شتی خراپ . یاسوود وەرگرتن لێ ی لەم شتانەدا .

کوڕی شیرینم مرۆڤ بۆئەوەی لەژیندا بەردەوام و سەرکەوتوو بێت پێویستی بەهۆگری و تێکەڵ بوونە نەک دابڕان و گۆشەگیری . ئەوەتا پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت :

(عليكم بالجماعة، فأنما يأكل الذئبُ من الغنم القاصيةَ).

واتە : ((لەسەرتانە پەیوەست بن بەکۆمەڵەوە، چونکە گورگ لەمەڕی دورە پەرێز دەخوات)).

فەرهاد: ئەی چۆن بتوانم لەهاوڕێیەتیدا سەرکەوتووبم، لەکاتێکدا هەندێک لەهاوڕێیان بەناپاکی و پیلان و دوژمنایەتی ڕەفتار لەگەڵ یەکدەکەن ؟!. تۆش بابەگیان ئەزمونی پترت لایە لەو بوارەدا .

باوک : کوڕم، کەواتە تۆلاریت لەخودی هاوڕێیەتی نیە، بەڵکو دوودڵیت لە بنەماکانی هەڵبژاردنەکەیەتی .

فەرهاد: بەڵێ، وایە بابەگیان .

باوک : کوڕی خۆم، پلان و نەخشەی کردەییت بۆ وێنە دەکەم کەسەرکەوتوبیت لەو بیرۆکەیەدا .

فەرهاد: باوە، ڕۆژێک یەکێک لەقوتابیانمان شوشەی پەنجەرەکانی قوتابخانەی شکاند بەبیانوی دەرنەچوونی لەهەندێ وانەدا .

باوک : ئەی تۆهیچت پێ نەوت ؟

کوڕ : بەڵێ، وتم : براگیان بۆچی ئەوکارەت کرد ؟ ئایا شکاندنی ئەو شووشانە سوودت پێدەگەیەنێ یان بەو کارە دەچیتە پۆلی سەروتر ؟

باوک : ئەی، وەلامی ئەو چی بوو؟

کوڕ: گوێی بۆگرتم و پەشیمانی دەربڕی، بەڵێنی دا بەخۆیدا بچێتەوە و هەڵەی وانەکات، داوای لێبوردنیش لەمامۆستایان بکات . باوکە ئایا هەموکەسێک بۆ هاوڕێیەتی دەست دەدەن؟

باوک : تەمەن درێژبیت کوڕم . تۆش هاوڕێیەتی کەسی دڵسۆز و روناکبیر و بەئەمەک و رەوشت بەرز و زیرەک بکە .

فەرهاد : بابەگیان، ئەو مەرجانە لە (نەوزاد) دا بەدی دەکەم، کەواتە لەگەڵی دەبمە هاوڕێ .

باوکی : ئافەرین، کوڕم . چاکت وت. تۆش ئەرکت دەکەوێتە سەر بەرانبەر هاوڕێکەت پێویستە ئەنجامی بدەیت .

١- چالاکی:

مامۆستا داوا دەکات قوتابیەک باس لەئەزمونی هاوڕێیەتی سەرکەوتوی خۆی لەگەڵ قوتابیەکی پۆلەکەی یان هەرپۆلێکی تر، بۆقوتابیەکانی تر بکات .

٢- چەند پرسیارێک :

أ- ئایا دەتەوێت بەتەنها بژیت یان لەگەڵ کەسانی تردا ؟

ب- ئایا هاوڕێیەتی کەسانی تر بێ بەرنامەو بیرکردنەوە دەکەیت ؟ بۆچی ؟

ج- کامیان سودومەندە : گۆشەگیری، یان تێکەڵبوون؟!.

٣- خۆم لەم بوارانەدا تاقیدەکەمەوە :

أ- گەر هاوڕێیەک بەقسە هێرش بکاتە سەرم، بەناڕەوا . خۆڕاگردەبم .

ب- گەر هاوڕێکەم ناساغ بوو، سەردانی دەکەم .

٤- هاوڕێکەم تاقیدەکەمەوە :

أ- ئایا شاد دەبێت کەبزانێت لەکارو خوێندندا سەرکەوتوو بووم ؟

ب- ئایا پێم دەڵێت کەمنی خۆش دەوێت ؟

ج- ئایا نهێنیەکانم دەپارێزێ ؟

مزگەوت و نوێژکردن لێ ی

باوکی ڕێدار پۆشاکی خاوێن و تایبەتی پۆشی بوو، خۆی ئامادەی چوونە دەرەوە کردبوو (ڕێدار)ی کوڕی لێی پرسی : بابەگیان نیازی چونە دەرەوەت بۆکوێ یە ؟

باوکی :دەچم بۆمزگەوت کوڕی شیرینم، تانوێژەکەم لەگەڵ موسڵمانان بەکۆمەڵ ئەنجام بدەم .

ڕێدار : نوێژ لەمزگەوت، بۆچی ؟ ئەم گرنگیەی مزگەوت چیە، بابەگیان .

باوکی : نوێژلەمزگەوت و بەکۆمەڵ کردنی پاداشتی یەکجار زۆرترە لەنوێژێک بەتاک و لەماڵەوەبکرێت . هۆی ئەو ئامادە بوونەی مزگەوت و بەکۆمەڵ نوێژکردنە بۆزیندو ڕاگرتنی ئەو پیرۆزی و یادەیە کە یەکەم مزگەوت لەسەردەم و لەسەر دەستی ابراهیم دا .(باوکی گشت پێغەمبەران)(د.خ)دروستکرا . کاتێک خوای میهرەبان فەرمانی پێکرد لەسەر زەویداو لەناوەندی (مکة)ی ڕێزدار دا ماڵی خوا (کعبة)دروست بکات کەخوای گەورە لەگەڵ دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا جێی بۆ دیاری کردبوو . ناوی لێنا (المسجدالحرام). خەڵکی بانگهێشت دەکرد سەردانی بکەن و داوای لەخوا دەکرد ئەودەڤەرە ئارام و پڕفەڕو بەروبوم بێت . هۆکاری دروستکردنی ئەم ماڵە پیرۆزەش تاببێتە مایەی بەرەکەت و هیدایەت .

دوای هاتنی ئاینی ئیسلامیش پێغەمبەرمان (د.خ) دووەم مزگەوتی پیرۆزی لەسەر بنەمای لەخواترسان لە (یثرب) دروستکردو بەناوی (مزگەوتی پێغەمبەر) ناسراو شارەکەش لە (یثرب))ە وە کرا بە (المدینة المنورة)) واتە شاری نورین (روناککراوە).

بەم شێوەیە مزگەوتی حەرام وەک یەکەم مزگەوت لەسەر ڕووی زەوی بنیات نرا و دواتر موسڵمانان لەهەموو سەرزەوی ئیسلامدا بەکاری دروستکردنی مزگەوت هەڵساون .

ڕێدار : بابەگیان، ئێستا دڵنیابووم بۆچی ئەوەندە پەرۆشی نوێژکردنی لەمزگەوتدا . گەر ڕێم بدەی لەگەڵت دێم بۆمزگەوت .

باوکی : بێگومان، کوڕم پێم خۆشە، فەرموو ئامادەبە پێکەوەبچین بۆ مزگەوت .

((چالاكی))

- داوایە لەمامۆستا ئەم ئایەتە بەكوردی راڤە بكات (إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ (ال عمران ٩٦)
- داوای دووەم لەمامۆستا . راڤەكردنی واتای (البيت الحرام)

پێڕست

لاپەڕە	تێکڕا	بابەت
٣		پێشەکی
٤		وەرزی یەکەم
٥		وانەی یەکەم لەناوەپیرۆزەکانی خوا
٦		وانەی دووەم گرنگیی کارکردن
٨		وانەی سێیەم سورەتی (العصر)
١٠		وانەی چوارەم دەست هەڵگرتن لەئازاردان
١١		وانەی پێنجەم وازهێنان لەدەست وەردان لەکارو باری خەڵکدا
١٣		وانەی شەشەم دانایی پێغەمبەر (د.خ)
١٥		وانەی حەوتەم هاوڕێیەتی پرسۆزو میهرەبانی
١٧		سروود / بێداری
١٩		وەرزی دووەم
٢١		وانەی یەکەم سورەتی (القدر)
٢٢		وانەی دووەم سورەتی (الکوثر)
٢٣		وانەی سێیەم گوێڕایەڵی خوا لە گوێڕایەڵی دایک و باوکدایە
٢٥		وانەی چوارەم دڵسۆزی لەبەجێهێنانی ئەرکدا
٢٦		وانەی پێنجەم دراوسێیەتی باش
٢٧		وانەی شەشەم هاوڕێیەتی
٢٩		وانەی حەوتەم مزگەوت و نوێژکردن لێی
٣١		پێرست